# من رووتی دەمباتە بە هەشت

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yahoo. com

## بووک

بەفر جلی بووکێنی ، بە باڵای زەوی بڕیوە
ئاسمان ئەم شەوە
زاوایە !

## خودا

ئەگەر خودا ،
نێو قەدی ئاسمان راتەکێنێت ،
مانگ و ئەستێرە
دەبارێت !

## درەخت

ئەو درەختە ، قەدی رەپی چەقاندۆتە
ناو گەڵی زەوی ..
لە خۆشیا کوور کوور بۆتەوە .
لقێکی شۆڕ کردۆتەوە بۆ مژینی دەمی و
دوو لقیش ،
بۆ گوشینی مەمکەکانی !

## شەهوەت

ئەوەی لە ئاسمان دێتە خوار
ئاو نییە!
ئەوە نییە ،
زگی زەوی پڕدەکات
لە کۆرپەی گەڵا و گوڵ !

## دەرپێ

پێچەوانەی مرۆڤـ

ئاسمان بەر لەوەی میز بکات ،

دەرپێ ی هەور دەکاتە پێ ی !

## رحەت بوون

ئاسمان واتێ دەگا زەوی ،

ژنێکە هەمیشە رووت ..

بۆیە ، لە رۆژێکا دەیان جار

ئاوی دەهێتەوە !!

## کوللە

تا ئەستێرەکان بە رووتی نەیان بینن ،

مانگ و خۆر

لە نێو کوللەی هەوردا ،

جووت دەبن !

## -با –

بام پشکنی .. ،

باخەڵی پڕ بوو

لە ستیان !!

## تریفە

کە خۆر ئاوا دەبێت ، مانگ بە پەلە ،

خۆی رووت و قووت دەکاتەوە

جگە لە دەرپێ ی تریفە ،

مانگشتێ تر

ناکاتە پێ ی !!

## نەیزەك

نەیزەك ،
منداڵێکی لە
ب ا ر
چووی
ئاسمانە !!

## پەردە

چۆن بەو هەموو ناسكییەوە ،
چرۆ
لقی رەقی درەختەكان ،
كون دەكات ؟!

## هنگی دنیا

نە مارێك لە نیچو قەدی ئالاوە ،
نە شووی كردووە بە درەختێ ،
نەمن شەوێك لە گەڵیدا نوستووم ..
ئەدی كێ
سكی ئەو مریەمەی پڕ كردووە
لە هیشوو !؟

## فریشتە

هەور پیاوێكی قژ ماش و برنجی
ماسۆشییە
تا فریشتەكان سمت و پشتی
نەدەنە بەر قامچی ،
رحەت نابێت !

## بەد ر

**مانگ کاتێ هەست دەکات**

**قەڵەو بووە ،**

**ڕۆژانە پەت پەتێن دەکات و**

**شەوانەش تا کفت دەبێ ،**

**لە دەریاو ئۆکیانووسەکانا**

**مەلە دەکات !**

## اغتصاب

**با ... ، گوڵ رووت و قووت دەکاتەوە**

**هەنگ کچێنی دەبات**

**بولبول بۆی دەگری .**

**کاتێکیش لە داخا خۆی دەکوژێ ،**

**باران : تەرمەکەی دەشوات .**

**مانگ : کفنی بۆ دەدوورێ .**

**باغ : دەینێژێت !**

## کانی

**برینێکی بە سوێ ی ،**

**سەر سینگی زەوی یە**

**هەمیشە نەزیف !**

## هەور

**وەختێ هەور ،**

**دەستی لە ئاسمان بەر دەبێت ... ،**

**وەك باڵبان دەناڵێنێت**

**وەك منداڵ ،**

**میز دەکا بە خۆیا !!**

## زڕ

ئەو ئەستێرە دەسکردانەی

بەخێرایی

بە جەرگەی ئاسمانیٚ رەت دەبن ،

زڕ کوری مانگن !!

## جگەر گۆشە

خۆر مێردی مانگە ..

ئەستێران ،

جگەر گۆشەی ئەوانن !

## مێرد

کاتێك خۆر بە ئاسمانەوەیە ،

مانگ

چارشێو دەکاتە بەری !

## خونچە

ئەم گولاٚنە هەر هەموو دایان کەندووە

کەچی ئەم خونچەیە ،

لە کچێکی حیجاپ پۆشی ئەفغانی دەچێت

پیٚ ی شەرمە

لەچکەکەی داکەنیٚ !

## خۆسڕینەوە

مانگ مەلە دەکات ..

ئەستێرەیەك ، بە تەنیشت حەوزەکەوە ،

بە پەشتەمالێکی پەمەیی یەوە

چاوەڕیٚ !

## دز

مانگ
لە کەلێنی چیغ و کوڵلەکانەوە
تەماشای رووتیمان
دەکات !!

## عیشق

ئەستێرەیەك ،
رژایە سەر کەپری ژنێك !

## پەیامنێر

شەوانە مانگ ، هێواش هێواش ..
بەسەر بان و بەسەر کەپرەکانمانا ،
رەت دەبێت .
هەواڵی گەرمی جووت بوون و
ویچنەی رووت و قووتی ئێمە
بۆ رۆژنامەی خۆر ئەنێرێت !!

## دووش

ماگ ناخواتەوە ..
کەچی پێش ئیمە لە سەر مێزەکەیە !
کاتێکیش بە مەستی دەمانبینێت ،
دووشێکی تەزیومان بۆ دەکات
لە تریفە !

## ناتر

لە گۆمە بچکۆلەیەدا ...،
دو ئەستێرە ،
بە کەفی تریفە
پشتی خلیسکی مانگ دەشۆن !

# زیــو

**شەوێك دێ ، مانگ**

**بە پەیژەی عیشقدا**

**بێتە**

**خ و**

**وا**

**ر**

**ئەو دەمە شار ، غەرق دەبێت**

**لە تەم و مژی یریفە !!**